# بەحیزبی کردنی ووشە

## هەڤاڵ نەژاد

ئەگەرچاوێکی خێرا بە مێژووی یەکێتیو پارتی بگێڕین,ئەوەمان پێدەڵێ لەگەڵ سەرهەڵدانی ململانێی هەردوو حیزب (پارتیو یەکێتی), جگە لەسڕینەوەو دژایەتی یەکدی بەهەموو شێوەکانیەوە ,هەوڵی دوو لەت کردنی میللەتو مۆنۆپۆل کردنی سەرجەم کایەکانی ژیانو چینە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردیان داوەو ئەوەندەی پێیان کرابێ بەرگێکی حیزبیانەیان بە بالآی ئەو کایەو چینو توێژە جۆراو جۆرانەدا کردووە, بۆنمونە بۆ مامۆستاو مەلاکانو گەنجانو رۆشنبیرانو هتد... یەکێتیو سەندیکاو ڕێخراوو دەزگای هاوشێوەیان بۆ دامەزراندووە,ئەگەر ئەم یەکێتی زانایانی هەبێ ئەوا ئەوی دیش هەیەتی, لەکاتێکدا مەلای ئاینی هەڵگری پەیامی ئاینی ئیسلامن, ئەگەر ئەم ڕێخراوێکی گەنجانەی هەبێ ئەوی تریش دەبێ هەیبێ لەکاتێکدا هەردووکیان هەڵگری بانگەشەی خزمەتکردنی گەنجن, رەنگە ئەوە شتێکی ئاسایی بێت کە هەردوو حیزبو حیزبەکانی تریش ڕێخراوگەلی لەو چەشنەیان هەبێ, بەڵام ئەوەی لەسنووری ئاسایی چۆتە دەرەوە, بەحیزبی کردنی ناوی بەشێکی زۆری کاراکتەری ئەو ڕێخراوانەیەو مۆنۆپۆل کردنی ناوەکانە لەسەر حبزبەکەیان, بۆنمونە پارتی هەردوو ناوی قوتابیانو ئافرەتانی کردۆتە موڵکی خۆیی و  یەکێتیش لەبەرامبەردا خویندکارانو ژنانی کردوتە مولکی خۆی, بەجۆرێك ئەم ناوانە ئەوەندە چەسپاوە لەسەر ئەم دوو حیزبە, کە ئەندامانیان جگە لە ووشەی حیزبەکەی خۆی هیچ ووشەیەکی تر بۆئەو تویژانە بەکار ناهێنێ, پارتیەك ناڵێ خوێنکار یەکێتیەك ناڵێ ئافرەتان, نەگبەتی ئەم مۆنۆپۆلەش  لەوەدایە جگە لەخۆیان خەڵکانی بێلایەنیان پێوە گیرۆدە کردووە, بەشێوەیەك ئەگەر کەسێك تەواو بێلایەن بێتو هیچ پەیوەندی بەو دوو حیزبەوە نەبێ, بڵێ قوتابی بێ سێ‌ودوو پەنجەی پارتایەتی بۆ دریژ ئەکەن ,یائەگەر بڵێ خوێندکار بەهەمان شێوە ئەڵێن یەکێتی یە, یاخود کەباس لە ئافرەتانو ژنان ئەکرێت بەهەمان شێوە, ڕەنگە بەتەنیا پارتیو

یەكێتی لەو كێشەیە بەرپرسیار نەبن,لایەنە ئیسلامیەكانیش هەمان كاریان دووبارە كردۆتەوە, ئەوانیش بە ئافرەتانو ژنان ئێژن خوشكانو هەوڵ دەدەن ئەو ناوە بكەنە موڵكی خۆیانو خۆیان لە لایەنەكانی ترو دواجار كۆمەڵگە جیا بكەنەوە, لەڕاستیا ئەم هەلسوكەوتە نا بەرپرسیارانەی ئەم حیزبانە هەرناوێكی لێ بنێین, جگەلە خۆ جیا كردنەوەیان لەكۆمەڵگە هیچی ترنیە, جگە لەخۆدەرخستنیانو خۆبەزل زانینیانو ڕەفز كردنی بەرامبەر چی ترنیە, زۆر جار ڕوویداوە بەهۆی بەكارهێنانی ئەو ناوانە لەلایەن كەسانی سەربەخۆو ناحیزبیەوە كە بەدڵی لایەنی دەسەڵاتدار نەبووە,تووشی كێشەو سەر ئێشە بووەو پێم وابێ پێویست بە بەڵگە هێنانەوەش ناكات. بێگومان لەدەرئەنجامی ئەم كارە نابەجێیانەدا زەرەرمەندی سەرەكی هاووڵاتیانی ئاسایین, كەنازانن شایەتومان بەكامیان بێننو ووشەكانیان بەكار بێنن, یاخود وایان لەهاولاتیان كردووە بەناچاری ئەوانەی لەسلێمانی ئەژین ووشەكانی یەكێتی بەكاربێننو ئەوانەشی لەهەولێر ئەژین ووشەكانی پارتی بەكاربێنن, لە كاتێكدا هەردووكیان ووشەی كوردینو هاو واتانو هەركامیان بەكاربێنی هەر ڕاستە, بەڵام لەسایەی ئەم دیموكراسیە فول عەیارە ئەبێ یەكیان هەڵبژێریو ئۆتوماتیكی ئەبیتە لایەنگری ئەو لایەنەی ووشەكەیت بەكار هێناوە, ئەم دوو حیزبە جگە لەهاولاتیان حكومەتیشیان گیرۆدە كردووە, بەرپرسانی حكومەتیش هەنووكە كە لێدوانێك دەدەن بەتەنیا ناڵێن خوێندكاران, بەڵكو ئەڵێن قوتابیو خوێندكاران, وەك ئەوەی دوو توێژی لەیەك جیاواز بن, تائیستا گوێم لێنەبووە وەزیری پەروەردە تەنیا یەك ناویان بەكاربێنێ, هەمیشە ئێژێ قوتابیانو خوێندكاران, من لەبەرێزی دەپرسم ئەو دوو ناوە جیاوازیان چیە ؟ ئایا قوتابیانو خوێندكاران دوو توێژی جیان كە پێویست بكات هەموو جار ناوی هەردووكیان بێنی؟. لەكۆتایدا ڕووی پرسیارم دەكەمە ڕێخراوەكانی خوێندكارانو قوتابیانو دەپرسم, ئێوە كەتائێستا لەسەر ناو حەساسیەتتان لەگەڵ یەك هەبێ چۆن ئەتوانن خزمەتی ئەو توێژەبكەن؟, یاخود لەڕێخراوەكانی خوشكانو ژنانو ئافرەتان دەپرسم كە ئێوە تائێستا لەسەر ناوەكانتان ڕێكنەكەوتوون ئیدی باسكردن لەمافەكانتان شتێكی بێ مانا نیە؟.

Haval_zagros@yahoo.com